بە یەکەم جار لە میژوویدا هەبژاردەی ئوردن گەیشتە قۆناغی کۆتایی جامی ئاسیا

لە جامی ئاسیا ئوردن بە یەکەم جار لە میژوویدا گەیشتە یاری کۆتایی ئەویش بە بردنەوەی بە دوو گۆڵی بەوەنام لە کەریایی باشور.

لە یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی جامی ئاسیا هەبژاردەی ئوردن و کەریای باشور روبەڕوی یەکتر بونەوە.

تایمی یەکەم سەرەرای هەوڵەکانی هەردوولا و بە تایبەت ئوردن هیچ گۆڵێک نەبینرا و بەبێ گۆڵ کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەمدا یاریزانانی ئوردن هەر زوو توانیان گورزی خێیان بوەشێنن و لە خولەکی 53 یازان نەعیمات گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد، پاش ئەو گۆڵەش ئوردنیەکان ئاستیان باشتر بوو لە ئاکامی هەرشەکدا لە خولەکی 66 موسا تەعمەری گۆڵی دووەمی هەبژاردەکەی تۆمارکرد و سەرەنجام یارییەکە بە دوو گۆڵی بەوەنام لە بەرژەوەندی ئوردن کۆتایی پێهات.